# بۆ رای گشتی جەماوەری کورد لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان !

## خوشک و برایانی هێژا !

هاوڵاتیانی نیشتمانپەروەر ! ئەوانەی کە لەیەکەم رۆژەوە بەپیری دەنگمانەوە هاتن و باوەڕتان پێمان بوو و لەهەموو کارەکانماندا پشتگیریتان کردین !

ئێمە وەک هەژمارێک کوردی کوردستانی و نیشتمانپەروەر هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوەی ریفراندەم لە کوردستاندا ، بەپیری دەنگی رووناکبیران و دڵسۆزانی گەلەکەمانەوە چووین یەکەم کۆمیتەی ریفراندەمان لە شاری ستوکهوڵم دامەزراند .

هەروەک لە یەکەم بڵاوکراوەی بزووتنەوەکەدا لە ژێر ناونیشانی (با لەئەنجامی ریفراندۆمەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێراق خۆی بڵێ ئێمە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقدا دەمێنینەوە یاخود نامێنینەوە) هاتبوو ، بزووتنەوەکەمان بە پێی مافە بنەڕەتیەکانی گەلان و مافە دیموکراسیە مرۆییەکانی خۆی وەک نەتەوەیەکی سەر رووی ئەم زەمینە کە لەجاردانی گەردونی یەکێتی نەتەوەکاندا هاتووە، پێویستە لە دامەزراندنەوەی وڵاتی ئێراقدا لەراپرسیەکدا پرسی پێبکرێت ئایا دەیەوێت لەچوار چێوەی وولاتی ئێراقدا بمێنێتەوە یان دەیەوێت جیابێتەوە ؟

ئێمە وەک بزووتنەوەی ریفراندەم ، لەراستیدا تەنها بۆ ئەوە دەستمان دایە هەوڵ و تەقەلا بۆ ئەوەی هەموو رێگا چارەیەکی دیموکراسییانە،دیبلۆماسییانە وجەماوەریانە پەیڕەوبکەین بۆ ئەوەی راپرسیەک لە ژێر سایەی نەتەوە یەگرتووەکاندا لە باشووری کوردستاندا سازبکریت و لەو راپرسیەدا گەلەکەمان وەک هەموو گەلانی جیهان بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات.

ئیمە لە تەمەنی دووساڵەی کۆمیتەکەماندا زۆر چالاکی جەماوەری و دیبلۆماسیمان بەهاوکاری جەماوەری کوردپەروەری شاری ستوکهۆڵم و شارەکانی تری سوید بۆ خزمەت کردنی گەلەکەمان و سازکردنی ریفراندەم لە باشووری کوردستاندا ئەنجامدا ، لە یەکەم رۆژی خەباتمانەوە راستگۆیانە ودڵسوزانە بە ئەمەک بوین بەرامبەر رۆڵەکانی گەلەکەمان ولە پێناوی ئامانجەکانی بزووتنەوەکەماندا تێکۆشاوین .

هیچ کاتێکیش هیچ شتێکمان لە گەلەکەمان نەشاردۆتەوە، چونکە ئێمە بۆ خزمەتکردنی ئەوان هاتینە ئاراوە و لە پێناوی مافێکی دیموکراسی و رەوای ئەواندا درووستبوین ، بۆیە بەگرنگمان زانی کەگەلەکەمان وبەتایبەتی جەماوەری کوردپەروەر لە سویدا لە بۆچوون و هەڵوێستی خۆمان لە مەر رەوتی بزووتنەوەکە و چەندێک ئەم بزووتنەوەیە لە خزمەتی ئەو مافەدا ماوەتەوە کە لە پێناویدا دامەزرا، ئاگاداربکەینەوە.

هاووڵاتیانی نیشتیمانپەروەر !

دڵسۆزانی بزووتنەوەی ریفراندەم !

ئێمە هەر لە سەرەتاوە باشدەمانزانی کە کەسانی سەر بە پارتە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هاتبوونە ریزی ئەم بزووتنەویە و لە گەڵماندا کاریاندەکرد ، ئەوەش بەباوەری ئێمە شتێکی زۆر ئاسایی و تەنانەت پێویستیشە چونکە ئەم بزووتنەوەیە تەڤگەریکی جەماوەری دیموکراسیانەیە و ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دامەزراوە پەیوەستە بە چارەنووسی هەموو تاکیکی گەلی باشووری کوردستانەوە.

بەڵام ئەوەی کە نابوایە روویبدایە ئەوەیە کە بزوتنەوەی ریفراندەم کەسایەتی سیاسی سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە و بەراستیش دەبوایە نوێنەری راستەقینەی داواکانی خەڵکی باشووری کوردستان بوایە ، هەربۆیە دەبوایە لە هەموو رووداوێکدا کە بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە بەستراوەتەوە هەڵوێستی روون و ئاشکرای خۆی هەبوایە و خۆی بۆ گەلی باشووری کوردستان ساغبکردایەتەوە ، بەڵام مەخابن وانەبوو .

بۆ ئەوەی لە ڕەوتی بزووتنەوەکە تێبگەین و بزانین ئەم بزووتنەوەیە بەرەو کوێ ڕەوتدەکات و خزمەت بەکێدەکات ، گرنگە ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ بکەین.

*لە بەرواری 30 مانگی جەنیوەری 2005 دا ، لە ریفراندۆمێکی نا فەرمیدا کە بزووتنەوەکە سازیکردبوو 98% گەلەکەمان (ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو) دەنگیاندا بۆ جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە ئێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان. لە دوای ئەوەی کە ئاکامی ئەودەنگدانە ئاشکرا بوو دەبوایە کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان دەستبەجی کۆنفراسێکیان ئامادەبکردایە بۆ کۆڵینەوە لەو دەنگدانەو داواکاری خەڵکی باشووری کوردستان بەجیابوونەوەی وڵاتەکەی لە ئێراق ، بەڵام مەخابن کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ریفراندەم بە هیچ شێوەیەک ئاوڕی لەو ڕووداوە فرەگرنگە نەدایەوە و هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ نەکرد جگە لەباسکردنی نەبێت لە دەزگاکانی ماسمێدیا و قوزتنەوەی نەبێت لەلایەن سەرکردایەتی باشووری کوردستان بۆ هەڕەشەکردن لە سەرکردایەتی نوێی ئێراق بە ملکەچکردنیان بۆ بەرنامەی فیدراڵی بۆ باشووری کوردستان.

*لەکاتێکدا کە هەڵبژاردنەکانی ئێراق کرا ، دەبوایە بزووتنەوەی ریفراندەم لە کوردستاندا هەڵوێستی خۆی بە ئاشکرا بخستایەتەڕوو ، داوای لە گەلی باشووری کوردستان بکردایە کە بەشدار نەبن لەو هەڵبژاردنانەدا ، چونکە تا ئەوکاتە و ئێستاشی پێوەبێت پرسیار لە گەلی باشووری کوردستان نەکراوە ئایە دەیەوێت لە چوارچێوەی ئێراقدا بمێنێتەوە یان نا، کەچی لە پرسێکی وا چارەنووسساز و گرنگدا بزووتنەوەی ریفراندەم بیهەڵوێست بوو. بەقەناعەتی ئێمە ئەگەر بزووتنەوەی ریفراندەم لە کوردستاندا بەراستی کەسایەتی سەربەخۆیی خۆی هەبوایە پاشکۆی بەرنامەی سیاسی پارتەکانی کوردستان نەبوایە دەستبەجێ ئەو میکانیزمانەی درووستبکردایە کە پێویست بوون بۆ گەیاندنی گەلی باشووری کوردستان بە داخوازیە ڕەواکانی کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی باشووری کوردستانە و لەو ریفراندەمە نافەرمیە هاتنەڕوو.

*یەکێک لە بەرنامەکانی بزووتنەوەی ریفراندەم لە کوردستاندا ئەوەبوو کە خۆپیشاندانیکی یەک ملیون کەسی لە باشووری کوردستان و سەرسنووری وڵاتەکەمان کە زنجیرە چیای حەمرینە ، ساز بکریت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ناتوانن ئاسایشی ئەو خۆپیشاندانە بپارێزن بۆیە بریاریاندا کە داوابکرێت دانیشتوانی باشووری کوردستان بچنە سەربانەکانیان بۆ پشتگیریکردن لە داخوازیەکانی بزووتنەکە و وەک چالاکیەکی جەماوەری ئەوکارە ئەنجامبدەن ، بەڵام مەخابن ئەو کارەش ئەنجامنەدرا.

ئیمە وا لەئەنجامنەدانی ئەو چالاکیانە دەڕوانین کە لەسەر داخوازی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئەنجامنەدرابێت، ئەگینا ئەگەر بزووتنەوەکەمان خاوەن سیاسەتی سەربەخۆی خۆی بوایە ، دەبو بۆ بەهیز کردنی ڕۆلی بزووتنەوەکە و کۆکردنەوەی جەماوەر لەدەوری و گەیاندنی دەنگی گەلەکەمان بەهەموو جیهان ، لەکاتێکدا کەهەموو کەناڵەکانی ساتەلایت و ڕۆژنامە جیهانیەکان لە کوردستاندان و زۆر بەئاسانی لە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاگادار دەبوون و داخوازیەکانمانیان ئاشکرا دەکرد ، بەرنامەی کارەکانی ئەنجامبدایە.

*تەنانەت لە نێو خۆی بزووتنەوەکەش لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات ئەندامەکانی لە نێوان دەنگدان و دەنگنەدانداندا دابەشبوون ، لە سەدا سەدی ئەندامانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەنگیاندا لەو هەڵبژاردنەدا ، ئەوەش بۆ خۆی دەبوایە زەنگی مەترسی لێدان بوایە بۆ کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان کە هەرگیز نابێت سیاسەتی بزووتنەوەکە بکەوێتە بەردەستی کەسانی سەر بە پارتەکان ، چونکە ئەوان پابەندی بەرنامەی پارتەکانی خۆیانن و هیچ کارێک ناکەن کە دژ بە بەرنامەکانی ئەوان بێت ، ئەویش ئەگەر دەلالەت لەسەر شتێک بکات دەلالەت لەسەر ئەوەدەکات کەبزووتنەوەی ریفراندەم نایەوێت هیچ کارێک بکات کە بیخاتە بەرەو ڕووی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ، ئەوەش خۆی لەخۆیدا پاشکۆیی ناڕاستەوخۆی بزووتنەوەکە دەردەخات بۆ پارتیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان.

*ئێستاش وا لەم ڕۆژانەدا (15 ئۆکتۆبەر ) ڕەشنووسی دەستووری ئێراق دەخرێتە دەنگدانەوە لەڕاپرسیەکی سەرتاسەری ئێراقدا ، پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان و پەرلەمانی باشووری کوردستان پەیتا پەیتا داوا لە گەلی باشووری

کوردستان دەکەن کە دەنگبدەن بە بەڵێ بۆ رەشنووسی دەستووری ئێراق کە هیچ مافێکی گرنگ و بنەڕەتی تیدا نیە ، بە مافی برپاڕدانی چارەنووسیشەوە کە ئەم بزووتنەوەیە لە پێناودا درووستبوو، کەچی بزووتنەوەی ریفراندەم لە کوردستاندا داوادەکەن لە خەڵکی باشووری کوردستان کە دەنگبدەن بە بەڵێ لە سەر رەشنووسی دەستورەکە بەوەش ئەو کەسانە دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ، ئەوانەی بۆچوونی جیاوازیشیان هەیە بێدەگن.
لەکاتی هەناردنی شاندی پشتگیری لە لیژنەی سیاغەی دەستوور کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی بیروی سیاسی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار ، خۆپیشاندانێک سازکرا کە لەویدا بە ئاشکرا لە ناوچەکانی زاخۆ ، دهۆک و تەنانەت هەولێریش پشتگیریان لە نوێنەرانی گەلی کورد دەکرد کە لە لیژنەی سیاغەی دەستووری ئێراقدا بوون ، ئەمە لە کاتێکدا کە دەبوایە داوای مافی برپاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان بکەن بە بەندێک و لەو دەستورەدا بچەسپێت .
هاووڵاتیانی هێژا!
خۆشک و برایانی کوردپەروەر!
ئێمە ئەگەر نەتوانین ببینە دەنگی رەوای گەلەکەمان و بەرچاوی گەلەکەمان لەو روووەوە روونبکەینەوە کە چارەنووسسازن بۆ گەلەکەمان و لە هەموو رووداوە گرنگەکاندا وەک بزووتنەوەی ریفراندەم پاشکۆی پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان بین ، کەواتە بۆچی هەبین ؟
لە ژێر رۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە بۆمان دەردەکویت کە بزووتنەی ریفراندەم کەسایەتێکی سیاسی سەربەخۆی نیە ئێمە ناتوانین خزمەت بە مافە رەواکانی گەلەکەمان بکەین و بەئەمەک بین بەرامبەر داواکاریەکانی گەلەکەمان کە دابینکردنی مافی برپاڕدانی چارەنووسە ، ئەومافەش دەبێت لە ریفراندەمیکی دیموکراسیانەدا دیاریبکرێت ، گەلی باشووری کوردستان مافی ئەوەی هەیە برپار بدات لەسەر چارەنووسی خۆی لە ریفراندەمێکدا کە لە ژێر سایەی یەکێتی نەتەوەکاندا سازبکرێت.
دەنگدان بە ئا لەسەر ئەو رەشنووسە دەنگدانیکی دڵخوازانەیە بە لەدەستدانی مافیکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازی گەلەکەمان کە ئەویش مافی راپرسیە ، لە ژێر تیشکی ئەو خاڵانەی سەرەوە ئێمە کە ئەندامانی کۆنی دەستەی کارگێری کۆمیتەی ریفراندەم بووین لە ستوکهۆڵم و کەناوەکانمان لە پاشکۆی ئەم روونکردنەوەیە نووسراوە لە کۆبوونەوەی نائاسایی خۆماندا کە لە رۆژی 9 ی ئوکتۆبەری2005 دا بەستمان ، بریارماندا کە دەست لە کارکردن لە نێو بزووتنەوەکە بکێشینەوە ، چونکە ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانین لە ریزی بزووتنەوەی ریفراندەمدا خزمەت بە بیرۆکەی ریفراندەم بکەین کە سازکردنی ریفراندەم بوو بۆ گەلی باشووریکوردستان.
هەر سەرکەوتوو بن بۆ خزمەتی مافی رەوای گەلەکەمان کە سەربەخۆییە لە رێگەی سازکردنی ریفراندەمێکی ئازادانە بۆ باشووری کوردستان.

ناوەکان

.......................

| | |
|---|---|
| کاروان سەعید | ئەنوەر ساڵح |
| خەبات رەفعەت | گارا شوانی |
| فەهمی سەعید تەیناڵی | چنوور سدیق |
| هاشم بازرگان | رووناک عوسمان |